www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-10-2006 7:28

# بەڵێ جەنابی بەڕێوەبەر کفرە بڵێی شیمال ... عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

خورماتوو
abdulagermiki@yahoo. com



وەك دەزانرێت لەدوای ئەوەی کوردستان کرا بەچوار پارچەو هەر پارچەیەکیانیش ئالْکاند بە دەوڵەتێکەوە ئیدی بەدرێژای ئەم ماوەیە ئیمپریالیستەکانی سەر خاکەکەمان هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوونە کە گەلەکەمان پاکتاو بکەن هەموو شێوازەکانی قڕکردن و جینوساید و کوشتن و بڕیرینیان دەگردە بەر بۆ مەبەستە گڵاوەکانیان چونکە گەلی کورد بندەست بوە ئەوان سەر دەست تا هەنوکەش کە ئێستا لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەژین زۆر مافی سروشتی بۆ کوردان بەرەوانابینن لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتە تۆتالیتاریانە کوردیان وەك دوژمنی خۆیان زانیوە داوای مافە سروشتی و ڕەواکانی خۆیان کردوە. ئیتر وەك باسم کرد هەر پارچەیەك و کۆنترۆڵی دەوڵەتێکدا ما تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و کاتێك ناوی ئەو پارچانە بێنین ئەبینی دەڵێن کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیاو کوردستانی ئێران و کوردستانی سوریا ئەمەش بە داخەوە نەك تەنیا میللەتانی تر بەم پارچانە وا دەڵێن کوردیش هەر وادەڵی کە ئەمەش چێگای داخە و بەو ناوانە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نیشتمانێکی کوردیمان نییە کە ناوی کوردستان بێت چونکە هەر پارچەیەك و گرێیان داوەتە دەوڵتێکە واتا پارچەیەك لەو پارچانە هەر هی ئەو وڵاتانەیە نەك کوردستانێك ئێمەش وەك تورك و عەرەب و فارس خاوەن نیشتمان ئەمەو چەندین مانای دیکە دەگەیەنی من بۆ خۆم پێشتر چەند بابەتێکم نوسی لە یەکێك لە بابەتەکاندا بانگەوازیم ئاراستەی سیاسەتمەدارو چین و توێژەکانی گەلەکەمان کرد کە لەکاتی ئاخافتندا پارچەکانی کوردستان بەو ناوانەوە بانگ نەکەن کە عەرەب و فارس و تورك داگیریان کردوە بەڵکو دەبێت بلێن باکور و باشور ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا ئەمەو سەرەرای ئەوەی ئەبینی بەشێکی گەلەکەمان فێری ئەو زمانە بوونە خەڵکی ئاسای ئەلین کێشە نییە گەر واش بڵی بەڵام نائاسایەکە لەوەدایە خەڵکانێك ئەبینی خۆیان بە سیاسەتمەدارو حیزبن ئەبینی وا دەڵێن. ئەمەش نەك هەر ئەوە بەد بەختێکە لەوەدایە زۆر جار کوردی کوردستانیشمان بینیوە ووتومانە تۆ سوریت یان تۆ تورکیت یان ئێرانیت ئەمەش هەر چێگای داخە.

بەهەر حاڵ من دەمەوی باسی شتێکتان بۆ بکەم کە مەخابن لەدوای پازدە ساڵ رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لەدەست سەددام و چوار ساڵ لەپرۆسەی ئازادی ئێراق هەر دەبینی لەناو هەندی مێشکی دۆگما کە تا ئێستا وا دەزانن زەمانەی بەعسە بیرکردنەوەیان بەو شێوەیەیە ماوەیەك پێش ئێستا هەندی کارم بە هاورێەکم هەبوو کە پێویست بوو ببینم ئەو دەمە ئەویش لەو خوێندنگایە بوو کە لی مامۆستایە هەڵسام چومە ئەو قوتابخانەیە سەرەتا چومە ژوری بەرێوەبەرەوە پرسیارم لەبەرێزی کرد بەئەرك نەبی ئەتوانن ئەو مامۆستایەم بۆ بانگ بکەن هەندی کارم پێیەتی لەوڵامدا جەنابی بەڕێوەبەر ووتی مامۆستا... کە دامەزاروی شیمالە هەر کەوای ووت سەرم سورما لەو کاتەدا زۆر شت بەمێشکمدا هات و چوو سەیرم بەخۆم هات ئەری جاری بەعس نەروخاوە دواتر هەر لەبەر خۆمەوە دەمگوت بلێی من ئاگام لەخۆم نەبی. ئاورێکم لەکاکی بەرێوەبەر دایەوە گوتم مامۆستا شیمال یانی چی لەوڵامدا گوتی ئێمە قوتابخانەکەمان کۆمەڵی مامۆستامان سەر بە حکومەتی مەرکەزیە ئەو کۆمەڵەی دیکەمان سەر بە شیمالە. دیسان ووشەی شیمالی بەکار هێنا. پێم گوت ئەوە مامۆستا شیمال

شیمال چیتە خۆ تۆ کوردی ناتوانی بڵی دامەزاروی کوردستانە یان بڵی حکومەتی هەرێم باش نییە ئیدی ئەو ووشەیە بەکار مەهێنە بۆ بە باشوری کوردستان بڵیی شیمال ئەویش لە وڵامدا گوتی دەباشە خۆ کفرم نەکردوە منیش پێم گوت (بەڵی جەنابی بەرێوەبەر کفرە بڵیی شیمال) ئیدی هەندی بوە دەمە قاڵەمان ووتم حەیفە تو کوردی و لە سەر ناوی کورد لەم شارەدا کەسی نەتەوە تێدا ژیان دەکات و تۆش کوردی ئەم شارەی دڵمان بەتۆ خۆشە کە مامۆستایەکی نیشتمان پەروەری و وو لەم قسانەدا بوین بەبی خوا حافیزی دەرگاکەم پێوەدا و ئەو برادرەمیشە نەبینی.

بەراستی خوێنەرانی هێژا زۆر سەیرە کە خەریکە ئینتیمامان بۆ نەتەوەکەی خۆمان کاڵ دەبێتە و ئەو هەستی کوردایەتیەی جاران نەماوە ئەفسوس. من لێردا ئەو مامۆستایەم بە نمونە هێنایەوە بەڵام بە هەزارەها وەك ئەو مامۆستایە هەیە هەر ناوی کوردە. ئامادە نییە بەم نیشتمانەی ئێمە بڵی کوردستان زمانی وا راهاتوە هەر بڵی شیمال جا هیوادارم ئەو کەسانە کە تا ئێستا وا دەڵێن ئیدی ئەو ووشەیە لە بیر خۆیان بەرنەوە راستە لە سەردەمی بە عسدا دەمیان وا راهاتبوو کە وا بڵێن بەڵام خۆ ئیسَتا ئەو رژێمەش نەما روخا بەڵام زۆر کەس هەیە نازانم حەز دەکات وا دەڵی یان زمانی نایهێنی بڵی کوردستان. هەر لەسەردەمی رژێمە تۆتالیتارێکەی بەعس بوو کورد گەلێك هەبوون وەك ئاشکرایە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەتەوەکەیان لەکوردەوە دەگۆریە عەرەب ئیدی لەبەر مادە بوایە یان پارچەیەك زەوی یان هەبوو هەرپێ خۆش بوو ببێتە عەرەب بگرە خەڵکانی وا هەبوون کوردبوون بەڵام بەو زمانە قسەیان نەدەکرد ئەوەندە خۆفرۆش بوون ناسنامەکەی خۆیان دەکردە عەرەب. من بۆخۆم کەسانی وادەناسم لە سەردەمی بەعسدا خۆی کردبوە عەرەب بەڵام ئێستا لەدوای پرۆسەی ئازادی دەڵی کوردی عەیار بیست و یەکە و لەسەر ناوی کورد بەرپرسیارێتی هەیە گەر داوای لێبردن نەکەن و یان لەسەر پەرپرسیارێتی لایان نەدەن ئامادەم بەبەڵگەوە بیسەلمێنم کە خەڵکی خۆفرۆش بەرێژەیەکی زۆر هەیە ئەو کەسانە هەر نابێت سەر هەڵبرن نازانم چۆن روویان دی لەناو کۆرو کۆمەڵدا دائەنیشن سەربەرزانە کاتێك دەیانبینی قسەی وا زل زل دەکەن هەرگیز ناڵی ئەم کابرایە ئەمن بوە یان ئیستخبارات یان رەفیق حیزبی بوە هەر چۆن ئەو سەردەمانە لەسایەی سەری بەعسەوە ژیانیان خۆش بوو ئیستاش ژیانیان هەر خۆشە سەرجەم پێداویستێکانیان هەیە بەڵام نەکبەتێکە لەودایە یەکێتی وپارتی ئەورۆکە پشتگیری لەو کەسانە دەکەن هەر راستەوخۆ لەدوای پرۆسەی ئازادی عفواتێکیان دەرهێنا و بەردەوام ئەو ئایەتە لەسەر زاریان بوو کە دەڵی (عفی الله عما سلف) بەڵام دەسەڵات بابزانی گەر ئەوان لەو کەسانە خۆش بوون ئەوا جەماوەری بەشەرەف هەرگیز لەوە خۆش نابن هەر رۆژێکیش دێت ئەو خۆفرۆشانە رووبەروی دادگا دەبنەوە بەگۆشاری گەل...